# کارەساتی ئاوارەبوون و لێکەوتە نەرێنییەکانی لە سەر منداڵان



**لە سەروبەندی ئەو بارودۆخە سیاسییە نەخوازراوەی کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، هەروەها سەرەڕای قەیرانە ئابوورییەکان و هاتنی بە لێشاوی پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان، دەنگ و باسەکانی شەڕی دژی داعش بە هەموو هەواڵە دڵخۆشکەرەکانی پێشڕەوی و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەشەوە، جۆرێك لە گرفتی دەروونی لای هاوڵاتییان بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی دروست کردووە، بێگومان شەڕ و ئاژاوە سیاسییەکان کاریگەریی زۆر خراپیان لە سەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە دەبێت، لەو بوارەشدا منداڵان پشکی شێریان بەردەکەوێ، چونکە گەورەکان بە حیماسەت و رۆحی نیشتمانپەروەرییەوە لە کارەساتەکە دەڕوانن و تا رادەیەك بەسەر کێشەکاندا زاڵ دەبن، بەڵام منداڵان ئەو هەست و هێزەیان نییە، بۆیە بەردەوام بە دەست ئازارە شاراوەکانی شەڕەوە دەناڵێنن و باری دەروونییان لە مەترسیدا دەبێت. پسپۆڕانی بواری دەروونیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەواڵە گەرمەکانی رۆژ لە بارەی شەڕ و کوشتار و ئاوارەبوون، پانتاییەکی گەورەی لە هزری منداڵە چاوگەشەکاندا دروستکردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانن رێکارگەلێکی بەپەلە و شیاو بۆ ئەو قەیرانە دەروونییەی منداڵان بدۆزنەوە.**

پرۆفیسۆر یوسف حەمەساڵح مستەفا، مامۆستای زانکۆ لە بەشی دەروونزانی لە کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە شەڕ جگە لە زیانەکانی گیانی و ماددی، لە هەموو روویەکەوە ئاسەواری زۆر خراپی لە سەر باری دوروونی تاك هەیە، واتە هەموو تاکەکان بێبەش نابن لەو گرفتە دەروونییەی کە شەڕ و جەنگ بەرهەمی دەهێنێت، چونکە ئەو جەنگ و رەوشە نالەبارە سیاسییەی کە روودەکاتە ناوچەیەك، کۆمەڵێك کاریگەری لەسەر کەسایەتی و لایەنی دەروونی هەموو هاووڵاتییان بەجێدەهێڵێت، گوتیشی: «سەرجەم توێژینەوە دەروونییەکان کە لە وڵاتانی جیهاندا لە بارەی ئاکامەکانی شەڕ و کاریگەرییەکانی ئەنجامدراون، ئەوەیان خستۆتە بەرچاو کە کاریگەری دەروونی زۆر خراپی لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵانە هەیە کە لە جەنگدا گەورە دەبن».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە هەر قەیرانێکی سیاسی و ناجێگری لە رووی سیاسییەوە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵە رەهەندێك بەجێدەهێڵێت کە کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکان دەبێت، شەڕ و ئاژاوە سیاسییەکانیش کاریگەریی زۆر خراپتر لە سەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە بەجێدەهێڵن، بەتایبەتی منداڵەکان لەو بوارەدا پشکی شێریان بەردەکەوێ، چونکە ئەوان رەگەزێکی ناسکترن لە گەورەکان.

پرۆفیسۆر یوسف حەمەساڵح، جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر منداڵ تەمەنی لەشەش ساڵ کەمتر بێت، ئەوا کەمتر بە هۆی دەنگ و باسەکانی شەڕەوە هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، بەڵام لە سەرووی شەش ساڵانەوە جەنگ و رووداوەکانی شەڕ زیاتر کاردانەوە لەلای منداڵ دروست دەکات و زیاتر هەست بەترس و دڵەڕاوکێی بەردەوام دەکات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکی ناجێگیری لێ بەرهەم بێت. بەتایبەتی منداڵانی ئاوارەی شەڕەکان زۆر زیاتر لە مەترسیدا دەبن. گوتیشی: «ئەگەر بمانەوێت کێشەکانیان کەم بکەینەوە، ئەوا پێویستە گرنگی بە ئاوارەکان بدرێت و شوێن و جێگەیان بۆ دابینبکرێت، بەڵام ئەگەر گوزەرانیان خراپ بێت، ئەوا هەرگیز کێشەکانیان چارەسەر نابێت و کاریگەری زیاتریشی لەسەر لایەنی دەروونی منداڵەکان دەبێت لە داهاتوودا .واتە هەر کەمتەرخەمییەك روو بدات، لەداهاتوودا بەکارەسات لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵانە دەشکێتەوە». باسی ئەوەشی کرد کە هەرچەندە حکومەت و هاووڵاتیان زۆر بە گەرموگوڕییەوە هەوڵی ئەوە بدەن کە هاوکاری بگاتە دەستی پەنابەران و ئەو رێژە زۆرەی ئاوارە کە روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، هێشتا جۆرە کەموکوڕییەك دروست دەبێت و زۆر بۆشایی دەروونی منداڵانی ئاوارە پڕ ناکرێتەوە، بەهۆی ئەوەشەوە لەسەر کەسایەتی داهاتوویان مەترسی دروست دەبێت. بەڵام چارەسەر ئەستەم نییە و ئەگەر گرنگییەکی باش بە منداڵانی ئاوارە بدرێت و هەموو خزمەتگوزارییەکیان







**ئەركی هەموو لایەكە گرینگی بە گشت بوارەكانی ژینگەی پەنابەرانی ئاوارە بدەن**

**دەبێت هەوڵبدرێت قوتابیانی ئاوارە كەسیان لە خوێندن بێبەش نەبن**

**ئەگەر بەشێوەیەكی باش هاوكاریی منداڵانی ئاوارە نەكرێ، ئەوا ئەگەری زۆرە تووشی زۆر قەیرانی دەروونی و گرفتی كۆمەڵایەتی ببن**

بۆ دابین بكرێت و وەك منداڵانی دیكە لە خۆشییەكانی ژیان بەشدار بن، ئەوكات باری دەروونییان كەمتر لە مەترسیدا دەبێت و تا رادەیەك كێشەكانیان كەم دەبێتەوە».

پەرلەمانتار شوكریە شێخانی ئەندامی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی كوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس، ئەوەی بۆ گوڵان روونكردەوە كە هەموو شەڕێك كاریگەری زۆر خراپ لەسەر ژیانی هەموو تاكی كۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت، بەتایبەتی ئەوانەی كە بەناچاری ئاوارە دەبن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێدەهێڵن و منداڵانیش زۆر زیاتر لەكاتی روودانی كارەساتی جەنگیدا تووشی گرفت و كێشەی دەروونی دەبنەوە.

ئەو پەرلەمانتارە بە پێویستی دەزانێت گرینگی زیاتر بە لایەنی پەروەردەیی منداڵانی ئاوارە بدرێت، گوتیشی: «ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا چەندین بەرنامەمان دارشتووە بۆ ئەوەی سەردانی وەزیری پەروەردە بكەین، بڕیاریشە لە كۆبوونەوەی لیژنەكەماندا بە وردی لەسەر ئەم پرسە بدوێین، چونكە پێویستە لەكاتی رووداو و كارەساتەكاندا بەرنامەمان بۆ منداڵان ئامادە بێت، لەبەرئەوەی روودانی كارەسات كاریگەرییەكی زۆر ترسناك لەسەر كەسایەتی منداڵ بەجێ دەهێڵێت، من بەرنامەیەكم ئامادەیە و بەنیازم لەگەڵ هاوكارەكانمدا وتوێژی لەسەر بكەین بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە و بەنیازین لە زووترین كاتدا هەوڵی چارەسەری ئەم پرسە بدەین. چونكە زیاتر منداڵان لەكاتی روودانی جەنگدا رووبەڕووی قەیرانی ناجێگری دوروونی دەبنەوە و پێویستە حكومەت لە بەرامبەر ئەو گرفتانەی منداڵاندا خاوەن پلان و بەرنامە و كاری بەپەلە بێت».

سەعدیە سابیر چالاكی كۆمەڵی مەدەنی، سەرەتا ئەوەی خستەڕوو كە حكومەتی هەرێم و رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی بە هاوبەشیی هەموو لایەنە جیاوازەكان بۆ هاوكاریكردنی ئاوارەكان ئەركێكی زۆر قورسیان كەوتە سەرشان و كوردانی هەر چوار پارچەی كوردستان و دەرەوەی وڵاتیش لەو بوارەدا رۆڵی بەرچاویان گێڕا. گوتیشی: «كاتێك شەڕ روو لە ناوچەیەك دەكات، ماڵوێرانی و ئاوارەبوونی ژمارەیەكی زۆری ئەو دەڤەرانەی لێدەكەوێتەوە، بێگومان هەر كەسێكیش بە ناچاری كۆچ بكات، رووبەڕووی زۆر گرفتی دەروونی و ناجێگری باری تەندروستی دەبێتەوە، بەتایبەتی منداڵان بوونەوەرێكی پاك و بێگەردن و خۆڕاگری و توانای بەرگریشیان لە بەرامبەر كارەساتەكان كەمترە، بۆیە زیاتر رووبەڕووی قەیرانی ناجێگریی دەروونی دەبنەوە. بۆیە زۆر گرینگ و پێویستە و ئەركی سەرشانی هەموو تاكێكی كوردە لە هەر گۆشەیەكی دونیا بێت، هاوكاری خوشك و برای ئاوارەی خۆی بكات و لانیكەم لە مەینەتییەكانی منداڵانیان كەم بكاتەوە».

سەعدیە باسی لەوە كرد كە هەموو ئاڵوگۆڕێكی سەربازی و قەیرانێكی سیاسی، كۆمەڵێك قوربانی هەیە و منداڵان پێشەنگی ئەو قوربانییانەن، گوتیشی: «بە درێژایی ئەو جەنگانەی كە روویان لە مرۆڤایەتی كردووە، هەمیشە منداڵان قوربانیی سەرەكیی شەڕەكان بوون، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو لایەك هەوڵی ئەوە بدەین كە منداڵان لەم جەنگ و قەیرانە مەترسیدارەشدا نەبنە قوربانی و رێگری تەواو لەم مەترسییە بكەین، ئەویش بە گەیاندنی كۆمەك و هاوكاری و چارەسەركردنی گرفتەكانیان و دەبێت هەوڵبدرێت قوتابیانی ئاوارە كەسیان لە خوێندن بێبەش نەبن.

سەعدیە سابیر بە ئەركی هەموو لایەكی دەزانێت گرینگی بە گشت بوارەكانی ژینگەی پەنابەرانی ئاوارە بدەن، گوتیشی: «پێویستە سەنتەری چارەسەری دەروونی و كۆمەڵایەتی لەنێو كەمپەكاندا بكرێتەوە، بەتایبەتی بۆ چارەسەری ئەو ئافرەت و منداڵانەی كە تووشی قەیرانی دەروونی و كۆمەڵایەتی بوون و دەكرێت توێژەرانی دەروونی و كۆمەڵایەتی رۆڵێكی كارا





لەو بوارەدا ببینن. ئێمەش وەك یەكێتی قوتابیانی كوردستان هەمیشە هەوڵ دەدەین كە كێشەو گرفتەكان چارەسەر بكەین، لەو بوارەشدا ماندوونەناسانە كار دەكەین».

زینە مستەفا ئیسماعیل، ئارایشتگەی تایبەت بە ئافرەتانی هەیە و ئەویش یەكێكە لەو هەزاران هاووڵاتییەی كە بایەخێكی زۆر بە كۆمەككردنی ئاوارەكان دەدەن. وەك خۆی باسیكرد، وەك ئەركێكی نیشتمانی هەڵساوە بە هاوكاریكردنی ئاوارەكان و تەنانەت دەرگەی شوێنی كارەكەشی بە بێ بەرامبەر بۆ هەموو ئافرەتانی ئاوارە كراوەیە. ئەو بە حیماسەتەوە دەڵێت: «ئەركی هەموومانە هاوكاری زیاتری ئاوارەكان بكەین، چونكە ئەوان پێویستیان بە هاوكاری بەردەوام هەیە، بۆ ئەوەی گرفتەكانیان كەم بێتەوە». گوتیشی: «سەرجەم ئەو رووداوە نەخوازراوانەی كە رووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، گرفتی زۆر گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەتایبەتی كاریگەری زۆر ترسناك لەسەر كەسایەتی ئەو منداڵ و ئافرەتانە دروست دەكەن كە بە هۆی شەڕ، یان كارەساتێكی سرووشتی ئاوارە دەبن». زینە مستەفا لە كۆتایی قسەكانیدا جەختی لەوەكردەوە كە ئەركی سەرشانی هەموانە هاوكاری ئاوارەكان بكەن و بەتایبەتی گرینگی بە منداڵانی ئاوارە بدەن، بۆ ئەوەی گرفتیان كەم بێتەوە، گوتیشی: «ئەگەر بەشێوەیەكی باش منداڵانی ئاوارە هاوكاری نەكرێن، ئەوا ئەگەری زۆرە تووشی زۆر قەیرانی دەروونی و گرفتی كۆمەڵایەتی ببن، واتە بە هاوكاریكردن و گەیاندنی یارمەتییەكان بەشێكی زۆری ئێش و ئازاری ئەو خێزانە ئاوارانە كەم دەبێتەوە و گرفتی دەروونی منداڵەكانیشیان چارەسەر دەبێت».

ڕۆژنامەنووس و شارەزا لەتوندوتیژی خیزانی هاوژین محێدین جەخت لەوە دەكاتەوە كە شەڕ كاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو نەتەوە و پێكهاتە جیاوازەكان هەیە، دۆخی جەنگ و ئەو ماوەیەی دەیخایەنێت لەڕوانگەی ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە زیانی گەورەی دەبێت بۆ دەروون و هەستی مرۆڤ.

گوتیشی» كاریگەری خراپی هەیە بۆ سەر هەموو تەمەنە جیاوازەكانی مرۆڤ، بەڵام لێكەوتەی زیاتر لەسەر منداڵان جێدەهێڵێت. بەشێكی كاریگەریەكان ئەوەیە منداڵ تا گەورە دەبێت پێویستی بە هاوكاریی دایك و باوك و ئەندامانی خێزان هەیە، بەڵام لە دۆخی شەڕدا دایك و باوك توشی كاردانەوە و هەڵچوونی زیاتر دەبن و منداڵیش بەهۆی بچووكی تەمەنیەوە و نائاگایی و تێنەگەیشتن لە ڕووداوەكانی دەوروبەری بەردەوامە لە خواست و داواكاریەكانی، ئەمەش وا دەكات گەورەكان نەتوانن خواستەكانی منداڵان بەدیبێنن و زۆر جار بەتوندوتیژیەوە وەڵامی منداڵەكە بدەنەوە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە ئاماژە بەوە دەكات كە ئەركی پەروەردە ئەوەیە مامۆستاكان شارەزای بواری دەروونی بن و كاریگەری ئەمجۆرە ڕووداوانە لەسەر منداڵان كەمبكەنەوە لەڕێگەی ئامۆژگاری دەروونی بۆ منداڵان، هەروەها پرۆگرامەكانی خوێندن بەشێوەیەك بێت هەستی نەتەوەیی منداڵان بەرزبكرێتەوە و خاك و نیشتیمانی كوردستانیان خۆش بوێت»، ئەوەشی خستەروو» پێویستە باوكان و دایكان هۆشیاربكرێنەوە كە نابێت منداڵان باجی شەڕ و كاولكاریەكان بدەن و خۆیان بەدوور بگرن لە هەڵچوون و لێدانی منداڵەكان. لەوەش گرنگتر ئەوەیە نابێت منداڵ وەكو گەورە بەدیار هەواڵەكانەوە دانیشێت و ئەو دیمەنە نەشیاوانەی شەڕ ببینێت، چونكە ئەم دیمەنانە ڕۆحیەتی شەڕانگێزی منداڵ زیاد دەكەن.

لایەنێكی گرنگ ئەوەیە دایكان و باوكان ترسیان لە هەڵگیرسان یان نزیكبوونەوەی ناوچەی شەڕكردنەكە لەلای منداڵەكە ئاشكرا نەكەن، چونكە ئەگەر ئەمە پەیڕەونەكەن منداڵەكە توشی فۆبیای شەڕ و ناجێگیری دەروونی دەبێت و لەبریتی زانیاری وەرگرتن وفێربوونی ئەو شتانەی نایانزانێت، بەردەوام هۆشی سەرقاڵ دەبێ بە نائارامیەكانی دەوروبەر.

**بە هاوكاریكردن و گەیاندنی یارمەتییەكان بەشێكی زۆری ئێش و ئازاری خێزانە ئاوارەكان كەم دەبێتەوە و گرفتی دەروونی منداڵەكانیشیان چارەسەر دەبێت**

**سەرجەم ئەو رووداوە نەخوازراوانەی كە رووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، گرفتی زۆر گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەتایبەتی كاریگەری زۆر ترسناك لەسەر كەسایەتی ئەو منداڵ و ئافرەتانە دروست دەكەن كە بە هۆی شەڕ، یان كارەساتێكی سروشتی ئاوارە دەبن**

# مانەوە لە بازنەی جیاوازیی ڕەگەزیدا زیانی بە گەشەکردنی کۆمەڵگە گەیاندووە

**ڕۆڵی ئەرێنیی ئافرەت لە گەشەی هەر کۆمەڵگەیەکدا شتێکی سەلمێندراوە و لە هەر کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنیش جێپەنجەی ئافرەتانی کارامە دیارە، بەڵام لە زۆر وڵاتی دواکەتوودا، نەك بایەخێکی ئەوتۆ بەو بوارە نەدراوە، بگرە نەریتسالاری لە سەردەستی پیاوان وایکردووە، تەنانەت ڕێگری لە بیرکردنەوەی ئافرەت بۆ بەشداری سیاسی بکرێ. چالاکێکی بواری ئافرەتان جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی پیاوسالار یەك قاچی هەیە، بۆیە بەردەوام هەر دوادەکەوێت. ئەو ڕایە گەرچی جۆرە شوبهاندنێکە، بەڵام بێگومان هاوتایە لەگەڵ بۆچوونی ئەو بیرمەندانەدا کە دەڵێن مانەوە لە بازنەی دواکەوتوویيدا خەسارەتی زۆری بە گەشەکردنی کۆمەڵگە گەیاندووە. با بزانین بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە چ ڕوانگەیەکیان هەیە؟**

کەژاڵ سلێمان:

**لە کۆمەڵگە داخراوەکانیشدا کەسانێک هەن کە بە هەوڵی خۆیان گەورە دەبن و دەبنە داهێنەر و کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەشیان دەبێت**

هێڤی جۆلا:

**ئەو مرۆڤەی بە دوو قاچ دەڕوات، هەمیشە خێراترە لەو مرۆڤەی بە تەنها قاچێک دەڕوات، کۆمەڵگەی پیاوسالاریش یەک قاچی هەیە، بۆیە هەر دوادەکەوێت**

**جیاوازیی ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگەی پێشکەوتنخوازدا زۆرکەمترە**

سەرەتا زانا تۆفیق بابان ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی، سەبارەت بە تەوەری ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕێگە لە بیرکردنەوەی ئافرەتان دەگرن، هەمیشە گرفتی زۆریان دەبێت و ناتوانن پێش بکەون. گوتیشی: «ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی زۆر کاراو بەهێزیان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە، جیاوازیی نێوان ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگەی پێشکەوتووخوازدا زۆر کەمتر بێت».

ئەو گەنجە سیاسەتمەدارە جەختی لەوە کردەوە کە ڕۆڵی ئافرەت لە نێو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بنەماکانی تیۆری دیموکراسی تێیدا جێگرە، لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگە بەرجەستەیە، بەتایبەتی لە بوارەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و دروستکردنی هۆشیاری تاکدا کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دادپەروەر، کە تیایدا ئافرەت و پیاو وەکو دوو ڕەگەزی جیاواز و یەکسان ڕۆڵ دەبینن. گوتیشی: «بە بڕوای من هەر کۆمەڵگەیەك ئەگەر بیەوێت جورێك لە ئیستقرارێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری بۆ نەوەی نوێ دروست بکات، دەبێت جیاوازییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو لە گشت کایەکانی کۆمەڵدا بسڕێتەوە، تا بتوانێت بە هێزی هەر دوو ڕەگەز خۆشگوزەرانی بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بخولقێنێت، ئەمەش یەکێکە لەسیستەمەکانی پێشکەوتنی وڵاتان و هەمووان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بۆچی زۆر وڵاتی جیهان پێشدەکەون و زۆریش پێشناکەون. بەداخەوە زۆر کۆمەڵگە هەیە، کە ئافرەت پشگوێ دەخەن و گرینگی بەتواناکانی نادەن، ئەو کۆمەڵگەیانە هەمیشە لە یەك ئاست ئەمێننەوە و ناتوانن برەو بە تواناکانی خۆیان بدەن».

**پێویستە وەبەرهێنان لەتواناکانی ئافرەتان بکرێت**

دواتر چالاکی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی شادیە عەبدولوەهاب ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان ڕوونکردەوە کە پێویستە ئافرەتان خۆیان هەوڵبدەن بۆ ئەوەی لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگەدا بەشدار بن و بە سەر گرفتەکاندا سەربکەون. گوتیشی: «زۆر پێویستە وەبەرهێنان لەتواناکانی ئافرەتان بکرێت و گرنگی بە وەبەرهێنانی تواناکانیان بدرێت، بێگومان ناکرێت بڵێین کەشوهەوا بۆ ئافرەتان زۆر لەبارە، بۆیە زۆر پێویستە ئافرەتان خۆیان هەوڵبدەن بۆ ئەوەی بگەنە پێگەیەکی گرینگی بڕیاردان، کە بەداخەوە ئافرەتان خۆیان لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان کەمتەرخەمن، ئەگەر ئافرەتان هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیان نەدەن، پیاوان لە سەر سینی پێشکەشیان ناکەن».

**پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بە گرنگیدان بە تواناکانی ئافرەتان**

لەلای خۆیەوە پەلەمانتار حەیات مەجید، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان، جەختی لەوە کردەوە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بە گرنگیدان بە تواناکانی ئافرەتان و گوتی: «هەر کۆمەڵگەیەك ئافرەت پەراوێز بخات، هەرگیز ئەو کۆمەڵگەیە وەك پێویست ناتوانێت بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت، ئەوەش سەلمێندراوە کە کۆمەڵگەیانەی ئافرەت پەراویز دەخەن و گوێی لێناگرن، بەرەوپێش چوون و گەشەکردنیان نادیارە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کە بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە بە عێراقیشەوە، پرسی مافی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە بینیوە، واتە دۆخەکە لە جاران لەبارتر و کراوەترە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە، بەڵام ئەو هەنگاوانەی کە بمانکاتە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، زۆر سستن».

توێژەرەی کۆمەڵایەتی کەژاڵ سلێمان سەبارەت بە هەمان پرس



دەڵێت: «کۆمەڵگە کاتێك دەگاتە مەنزڵگەی پێشکەوتن، کە پڕ بێت لە پاراستنی مافەکانی تاك و هەموو تاکەکان وەك یەك لە بڕیارداندا بەشداربن».

ئەو توێژەرە رایوایە کاتێك سیستەمی سیاسی وڵاتێك دیکتاتۆری بێت و ڕێگە بە هیچ مرۆڤێك نەدات، را و سەرنجێ هەبێت و ئازادییەکان پێشێل بکرێ، ئەو کۆمەڵگەیە بە هیچ پێشکەوتنێك ناگات، نموونەی بەوەش هێناوە کە لە «لە زۆر کۆمەڵگە تەنانەت ڕێگە بە پیاویش نادرێت ئازادی رادەربڕینی هەبێت، واتە لە سیستەمە شمولییە دیکتاتۆرییەکان کە گوێ لە مرۆڤ نەگیرا، ئەوا پیاو و ئافرەت هەردووکیان زەرەرمەند دەبن».
گوتیشی: «مرۆڤ پێویستە خۆی هەوڵبدات بۆ ئەوەی کە تواناکانی خۆی بەدەربخات و بگاتە ئەنجامێکی زۆرباش، ئەوەتا لە کۆمەڵگە داخراوەکانیشدا کەسانێك هەن کە بە هەوڵی خۆیان گەورە دەبن و دەبنە داهێنەر و کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەشیان دەبێت».

**کۆمەڵگەی پیاوسالار یەك قاچی هەیە و هەر دوادەکەوێت**

یاساناس و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت هێڤی جۆلا، سەرەتا هێما بۆ پەندێکی پێشینیان دەکات و دەڵێت: «ئەو مرۆڤەی بە دوو قاچ دەڕوات، هەمیشە خێراترە لەو مرۆڤەی بە تەنها قاچێك دەڕوات، کۆمەڵگەی پیاوسالاریش یەك قاچی هەیە، بۆیە هەر دوادەکەوێت».

ئەو یاساناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان بەردەوام یەکێك لە پایە گرینگ و سەرەکییەکانی ژیان پشتگوێ خراوە و بە کەم سەیری را و بۆچوون و داهێنانەکانیان دەکرێت، گوتیشی: «ئافرەت لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا وەك ئامێرێك لە ئامێرەکانی ناو ژووری چێشتخانەی ماڵەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەم جۆرە مامەڵەکردنەش کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر کەسایەتی ئافرەت، دەبێتە هۆی پووکانەوەو لە ناوچوونی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی، بێئاگان لەوەی پووکانەوەی هزری ئافرەت هۆکاری راستەوخۆی لەناوچوونی کۆمەڵگەیە و رووخانی یەکێك لە پایەکانی کۆمەڵگەیە و سەرەتایەکە بۆ زیادبوونی دواکەوتنەکانی هەر کۆمەڵگەیەك».

**ئافرەتانی خاوەن پۆست دەتوانن لە سەر یاساکان و ئەدای حکومەتیش کاریگەرییان هەبێت**

پەرلەمانتار حەیات مەجید رایوایە.لە کوردستان ئافرەتان توانیویانە بەراورد بە سالانی رابردوو هەنگاوی باش بنێن و تا رادەیەك کار لەسەر چەند پرسێکی گرینگ بکەن، گوتیشی:»کۆمەڵگە کاتێك دەبێتە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو کە لەسەر بنەماکانی دیموکراسییەت بڕوات و هەموو تاکەکان وەك یەك بتوانن راوسەرنجی خۆیان هەبێت.

بە بڕوای شادیە عەبدولوەهاب گرنگە هەوڵبدرێت توێژی ئافرەتان لە هەموو روویەکەوە بەهێز بکرێن و تواناکانیان وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی وەك پێویست ببنە کۆڵەکەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە. هەروەها یاساناس هێڤی جۆلا رایوایە تەنیا بوونی ئافرەت لە پۆستەکاندا نیشانەی پێشکەوتنی وڵات نییە، بەڵکوو ئەوە گرنگە کە ئافرەتان تاچەند لەو پۆستانەدا توانای پێشخستنی کۆمەڵگەیان هەیە و گوتیشی: ئافرەتانی خاوەن پۆست دەبێت زیاتر هەوڵی سەلماندن و دەرخستنی «تواناکانی ئافرەت بدەن».

توێژەری کۆمەڵایەتی کەژاڵ سلێمان جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە هەندێك وڵاتی ناوچەکەدا هیچ ئافرەتێك لەپۆستە جیاوازەکاندا رۆڵیان نییە و هیچ دەرفەتێکیان پێنەدراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئافرەتانی کورد زۆرترین پۆستی ئیدارییان لەژێر دەستدایە و لە پەرلەمانیش بوونیان هەیە و دەتوانن لە سەر یاساکان و ئەدای حکوومەتیش کاریگەرییان هەبێت.

زانا تۆفیق بابان:
**هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر بیەوێت جۆرێک لە ئیستقرارێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری بۆ نەوەی نوێ دروست بکات، دەبێت جیاوازییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو لە گشت کایەکانی کۆمەڵدا بسڕێتەوە**

پەرلەمانتار حەیات مەجید:
**پرسی مافی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە، بەڵام ئەو هەنگاوانەی کە بمانکاتە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، زۆر سستن**